پەرلەمانی عێراق داوای کێبوونەوەیەکی بەپەلە دەکات سبارەت بە هێرشەکانی ئەمەریکا لە قائیم و عێکاشات

پەرلەمانی عێراق سەرکێنەی هێرشەکانی ئەمەریکا دەکات و داوایش دەکات بە تاوتوێکردنی ئەو هێرشانە لە رۆژانی داهاتوودا کێبوونەوەیەکی بەپەلە ئەنجام بدات.

ئەمە شەممە، سەرکایەتی پەرلەمانی عێراق لە راگەیەندراوێکدا سەرکێنەی هێرشەکانی بەرەبەیانی ئەمێی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکای بە سەر پێگەی گرووپە چەکدارەکان لە عێراقدا کرد کە بەهێیەوە بەپێی زانیارییەکان 16 کوژراو و 25 بریندار لە کەوتووەتەوە.

سەرکایەتی پەرلەمانی عێراق هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە، جەخت دەکاتەوە لە ئەنجامدانی کێبوونەوەیەکی تایبەت و بەپەلە لە چەند رۆژی داهاتوودا بەمەبەستی راگرتنی هێرشەکانی ئەمەریکا لە عێراق و دانانی سنوورێك بە پشێلکارییەکانی "هاوپەیمانان" بە سەر سەروەری و گیانی عێراقییەکان.

هاوکات داوای لە حکومەت کردووە پەلە بکات لە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە 18ـی ساڵی 2020ـی تایبەت بە دەرچوونی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق